

# خەرمان بەرەکەتی گوگڵ

## سپیکەری جۆری گوگڵ هوم ماکس

هەروەك ئاگادارن هەر لەم ساڵدا گوگل بۆ ركابەری لەگەڵ سپیكەرە سمارتەكان سپیكەری جۆری «گوگل هوم»ی بەرهەم هێنا، هەر لەو ماوەیەشدا ڤێرژنی بچووكتری «گوگل هوم» واتە «گوگل هوم مینی» بەرهەم هێنا، كە لەم لاپەڕەیەدا ئاماژەمان پێكردووە كە وەك برابچووكی گوگل هوم دەچێت، بەڵام گوگل برا گەورەی گوگل هومی بەناوی «گوگل هوم ماكس» (google home max)ی بەرهەم هێنا، كە بۆ ركابەری لەگەڵ ئەپل هوم پاد و سپیكەری جۆری sonos بەرهەم هاتووە.

گوگل هوم ماكس سپیكەرێكی ستریۆیی واتە بۆ شوێنە هونەرییەكان دەگونجێت، سیستەمی هۆشمەندی گوگل «assistant»ی تێدایە. مایكرۆفۆنی هۆشمەندی تێدایە كە ئەوكاتەی دەنگی بەكارهێنەر تەنانەت ئەوكاتەی مۆسیقاش بڵاودەكاتەوە دەناسێ. سپیكەرەكە ئەوەندە هۆشمەندە بەرزی و نزمی دەنگی لەگەڵ چوارچێوەی ژوورەكە دەگونجێنێ و بەپێی گەورەیی ژوورەكە دەنگ بڵاودەكاتەوە. نەك هەر دەنگی بەكارهێنەر بەڵكو دەنگی پەیوەندییە تەلەفۆنییەكانیش، بۆ نموونە ئەگەر لەوكاتەدا گوێ لە گۆرانی دەگرێ پەیوەندییەكی تەلەفۆنیت بۆ بێت، سپیكەرەكە خۆی دەنگی نزم دەكاتەوە بۆ ئەوەی بەكارهێنەر بەبێ كێشە وەڵام بداتەوە. پێچەوانەش ئەگەر دەنگێكی دیكە بەسەر ژوورەكەدا زاڵ بێت وەك دەنگی گەسكی كارەبایی ئەوە ئۆتۆماتیكی دەنگی خۆی زیاد دەكات.

## سپیکەری سمارتی گوگڵ هوم مینی

گوگل بۆ ركابەری لەگەڵ سپیكەری سمارتی ئامازۆن واتە سپیكەری «ئەلیكسا» سپیكەری «گوگل هوم»ی بەرهەم هێنا. چونكە قەوارە و كێشی «گوگل هوم» بۆ هەڵگرتن نەدەگونجا، لەم ماوەیەدا سپیكەری هوشمەندی جۆری «گوگل هوم مینی» (google home minie)ی بەرهەم هێنا...

لە كارایی و تواناییدا وەك برا گەورەكەی خۆی دەچێت، بەڵام بە قەبارە بچووكترە. زۆربەی زۆری تواناكان كە لەگوگل هومدا هەن لە «گوگل هوم مینی»شدا هەن. نە تەنیا فەرمانەكان بە دەنگ جێبەجێ دەكات بگرە ئەگەر گلۆپی هۆشمەندی جۆری فلیپس یا ئامێری nestت هەبێت بە ئاسانی دەتوانی بە سپیكەری مینی فەرمان بكەی دابگرسێن و بكوژێنەوە و ئامێرەكانی ماڵەوە لە دوورەوە هەڵبكەی و بكوژێنیەوە. سێ ڕەنگی تایبەتی هەیە..



## پیکسڵ بووک ڕکابەرێکی جیدی

وەك ئاماژەمان پێدا ئەو مانگە مانگی گوگل بوو و بە كۆمەڵێك بەرهەمی ناوازەوە، یەكێك لەو بەرهەمانە لاپتۆپی جۆری pixel book كە لە ڕاستیدا جێگرەوەی لاپتۆپی بەرێی گوگل واتە كرۆم بوك پیكسلە..

لاپتۆپی پیكسل بوك، لاپتۆپێكی بەهێزە و لە ریزی لاپتۆپەكانی یوگای لینۆڤۆ و سێرفێس بوكی مایكرۆسۆفت دێت. دیزاینی لاپتۆپەكە زۆر سادەیە، كیبۆردەكەی دوگمەكانی گەورەن، تاج پەدەكەی هەندێك پانترە لە تاج پەدێكی ئاسایی. شاشەكەی ١٢,٣ ئینجە و بە كوالیتی نیشاندانی ٢٥٦٠×١٧٠٠ پیكسل..

لاپتۆپی ناوبراو دەنوشتێتەوە و دەبێتە تەبلێت. پرۆسیسەرەكەی لە نەوەی حەوتەمی ئینتەلە. رامەكەی ٨ گیگابایتە و هاردەكەی ١٢٨ گیگابایتە. لە بری دوگمەی ستارتی هوم دوگمەی assistantی لەسەرە بۆ ئەوەی بەئاسانی و بە دەنگ فەرمانەكان جێبەجێ بكات. قەڵەمێكی تایبەتی لەگەڵە كە زۆربەی ئەركەكان جێبەجێ دەكات بۆ نمونە ئەگەر وێنەیەك لەسەر شاشە ببینی بە قەڵەمەكەت بازنەیەكی بەدەوردا بكێشی زانیاری تەواو سەبارەت بە وێنەكە نیشان دەدات.





# هێدفۆنی گوگڵ وەک وەرگێڕێکی جیهانی

یەکێکی دیکە لەو ئامێرە دیجیتالیانەی
گـوگل لەم ماوەیەدا بەرهەمـی هێنا، هیدفۆنی «بادز»
(pixel buds)ە، ئـەم هیدفۆنـە گرنگییەکـەی لەوەدایـە کـە وەك
وەرگێڕێکی جیهان بۆ وەرگێڕانی زمانەکان سوودی لێوەردەگیردرێ.
هـەروەك ئاماژەی پێکرا گـوگل ئەمجارە لـەم مانگەدا بە دەسـتی پـڕەوە هات
و کۆمەڵێـك دیـاری لەگـەڵ خـۆی هێنـا یەکێـك لەوانـە هیدفۆنی «پیکسـل بـادز» ە.
هیدفۆنەکە دەتوانێت زیاتر لە ٤٠ زمانی زیندووی جیهان بۆ یەکتر وەربگێڕدرێ.
بـۆ وەرگێڕانـی زمانـی جیـاوازی دوو کـەس تەنیـا پێویسـتە مۆبایلێکی گوگل پیکسـل و
هیدفۆنی «بادز»ت هەبێت. لایەنی دووەم پێویستی بەوانە نییە.
هیدفۆنەکە راستەوخۆ لە ئەپلکەیشنی google translate سوود وەردەگرێ. پێویستە پێشتر
ئـەم ئاپـەت لەسـەر موبایلی گوگل پیکسـل ٢ دابەزاندبێ. ئەوکات ئـەو زمانەی کە دەتوانی
قسـەی پێبکـەی و زمانـی بەرامبـەر هەڵبژێری، پاش ئـەوە ئیدی هیدفۆنەکە بە ئاسـانی
زمانەکان وەردەگێڕێ. لە تاقیکردنەوەیەکدا یەکێك لە دوو لایەنەکە رستەیەکی بە زمانی
ئینگلیزی دەربڕی، مۆبایلەکە دەستبەجێ بۆ زمانی ئیسپانی وەرگێڕا و تەنانەت
لەسەر شاشەکەش نووسی.
رەنگـە لەداهاتـوودا ئەوە ببێتە وەرگێڕێکی گرنگ و زۆربەی
خەڵك سوودی لێوەربگرن.

کۆمپانیای گوگل خەریکە بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرە نوێیە دیجیتالییەکان خۆی بگەیەنێتە ریزی کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێن، ئیدی هەر لە چوارچێوەی جیهانی ئینتەرنێتدا نەماوەتەوە و خۆی بە سایت و ماپ و ئەپلکەیشن و پرۆگرامەکانەوە نابەستێتەوە.. لەم ماوەیەدا گوگل لە پێشانگایەکدا نوێترین بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی خۆی خستەڕوو کە پێدەچێ شەپۆلێکی نوێی لە دونیای تەکنەلۆژی بەرپێخستبێ..



# دوو مۆبایل لە گوگڵەوە

سـاڵی رابردوو گوگل مۆبایلی
pixelی بەرهـەم هێنـا، ئەمسـاڵ پـەرەی بـە
مۆبایلەکـە دا و دوو ڤێرژنـی بەناوەکانی pixel 2 ,
pixel2.xlی بەرهەمهێناوە.. ئەم دوو مۆدێلە جیاوازییەکی زۆر
بەرچاویان نییە، لە هەندێك خاڵدا نەبێت وەك ئەوەی هەندێکیان باتری
زۆرتر رادەگرێ یان کەمێك تواناکانی زیاترن..
لەم دوو مۆبایلەدا بۆ یەکەمجار سیستەمی ئەندرۆیدی ٨ بەکار دێت، رام
٤ گیگابایت، شاشە ٥ ئینچ و بە کوالیتی فول ئیچ دی.. شوێنی داکردنی
داتـاکان ٦٤ هەتـا ١٢٨ گیگابایت. کامێرا ١٢,٣ میگاپیکسـل.. کامێرای
سێلفی ٨ میگاپیکسل، پەنجەمۆری هەیە.
خاڵـی بەرچـاو لـە مۆبایلەکانـدا ئەوەیە کـە توانـای داکردنیان لە
گوگل درایڤدا بێ سنوورە، بەکارهێنەر کێشەی ئەوەی نابێت کە
میمـۆری مۆبایلەکـەی پڕ دەبێت چونکە گوگل بەبێ
بەرامبەر لە گوگل درایڤدا شوێنی بۆ دابین
کردووە..



# کامێرای گوگڵ و دروستکردنی ڤیدیۆ

یە کێکی
دیکە لە ئامێرە دیجیتالیە نوێیەکانی
گوگل کامێرایەکی تایبەت و سمارتە کە بە گوگل
کلیپس google clipsە، ئـەم کامێرایـە دەتوانێت هەتا ٣
کاتژمێری بەردەوام فیلم هەڵبگرێتەوەو پاشـان خۆی بەشـێوەیەکی
سـمارت باشـترین دیمەنەکانی ناو فیلمەکە بکاتە کلیپێکی زۆر سـەرنج
راکێـش.. کاتێـك لە ژوورەوە لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوە وێنە دەگرێ کامێرا
بەشێوەی سمارت لەنێو سەدان وێنەدا باشترینەکانیان هەڵدەبژێرێ و کلیپێکی
لێ ساز دەکات. بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت
و ئەپێکی تایبەتی لەگەڵدایە دەتوانی بەهۆیەوە دەستکاری کلیپەکان بکەی
و یان هاوبەشیان بکەی لەگەڵ دۆستان و نزیکانتان.
کامێراکە بەپێی ئەو وێنانەی دیگرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا
بۆی دەردەکەوێت کام کەس و کام دیمەن لەلایەن بەکارهێنەرەوە
گرنگـی پێدەدرێ بۆیـە بەپێی ویسـتی بەکارهێنەر
کەس و دیمەنەکان دەناسێتەوە.



## کامێرای هۆشمەندی چاودێری روخ

کۆمپانیای nest لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای هۆشمەندی چاودێری بەرهەم هێنا کە بەهۆیەوە دەکرێت دەرگا بکەیەوە و روخسارەکان بناسێتەوە. کامێرا نوێیەکەی nest بە iQ out- door ناسراوە، تایبەتمەندی کامێراکە ئەوەیە ناسینەوەی روخسارەکان، دۆزینەوەی روخسارەکان و سپیکەری تایبەتی هەیە. گرنگی کامێراکە لەوەدایە کە هیچ کاتێك دەستکاری ناکرێ و ئۆفلاین نابێت. iQ Outdoor سیستەمی سەرووی تیشکی سووری هەیە بەهۆیەوە دەکرێت لە تاریکی و شەویشدا وێنە بگرێت، دژە تەڕبوونە و لەبەر باران هیچی لێنایەت. گرنگی کامێرا چاودێرییەکە لەوەدایە راستەوخۆ فیلمەکان لە ئینتەرنێتدا تۆمار دەکات و هەتا مانگێك رایاندەگرێت.
گەر کەسێك لەبەر دەرگا بوەستێ بۆ زەنگ لێدان یان بە بەر دەرگادا بڕوات بە کوالیتی HD وێنەی



## دیسان گۆپرۆ و کامێرایەکی نوێ

کۆمپانیای گۆپرۆ کە بە کامێرا ئەکشن و جوڵەدارەکانی hero ناسراوە لەم رۆژانەدا نوێترین ڤێرژنی ئەم کامێرایەی خستەڕوو کە بە hero6 ناسراوە.
کامێراکە وەك ئەوانەی پێشوو لە سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرێ، سیستەمەکەی ئۆتۆماتیکی نوێدەبێتەوە. ئەمە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی کامێرا نوێیەکەیە:
بە کوالیتی K4 و بە خێرایی ٦٠ فریم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵدەگرێتەوە.. بەهێزترین سیستەمی دژە لەرینی تێدایە. خێرایی دابەزاندنی فیلمەکان سێ جاران خێراترە چونکە وای-فای ٥ گیگای لەسەرە. دژە تەڕبوونە.. لەگەڵ کۆداپتەرەکانی فیلم هەڵگرتنەوە دەگونجێ. بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و پشتیوانی لە ١٠ زمان دەکات. ئەمانە تایبەتمەندی hero6ی ئاسایی بوون.. ڤێرژنی جۆری fusion توانای فیلم هەڵگرتنەوە بە کوالیتی ٥,٢ و بە خێرایی ٣٠ فرێم لە چرکەیەکی دا هەیە.

## پرۆگرامێک بۆ خ

لەسەردەمی ئەمڕۆدا بەداخەوە یەکێك لەو قەیرانانەی کە جیهانگیربووە قەیرانی خوێندنەوەی کتێبە.. سەردەم وای لێهاتوە بە وتەی زانایەك «گەربتەوێ پێشکەوتن لە گەلێك بستێنیەوە، کتێبیان لێوەربگرە و سەریان لە تیڤی بگرە» بەڵێ سەردەم سەردەمی دراما تەلەڤزیۆنیەکانە.. بەڵام لەونێوەشدا خوێنەرهەن هەرچەندە خوێندنەوەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بۆتە خوێندنەوەی دیجیتالی، بۆ ئەوانەی کتێب بەشێوەی دیجیتالی دەخوێننەوە پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن بۆ ئاسانکاری لە خوێندنەوەدا یەکێك لەم پرۆگرامە، پرۆگرامی Icecream Eb- ook Reader Pro، پرۆگرامێك کە لە فۆرماتە جۆراوجۆرەکان پشتیوانی دەکا و توانای رێکخستن و خوێندنەوەی کتێبە ئەلکترۆنییەکانی بە تواناگەلی



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت دوو وێندۆز لەسەر کۆمپیوتەرەکەمە، نیازم هەیە یەکێك لەو دوو ویندۆزانە بسڕمەوە، بەڵام نازانم چۆن دەکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز سەرەتا دوگمەی windos و R لێبدە. دوای ئەوە لە بۆکسەکەدا وشەی msconfig بنووسە و OK ی بکە ئێستا پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لەودا فەرمانی boot لێبدە، ئەو ویندۆزەی کە نیازتە بمێنێتەوە و نەسڕێتەوە کلیکی لەسەر بکە پاشان Set as default لێبدە. دوای ئەوە ئەو ویندۆزەی کە نیازتە بسڕێتەوە دایبگرە و فەرمانی Delete لێبدە و OKی بکە و کۆمپیوتەرەکەت رێستارت بکەوە..

## ـــــسارەکان دەناسێتەوە

دەگرێ، گەر کەسێکی بێگانە و نامۆ لە دەرگا بدات کامێراکە بە کەڵك وەرگرتن لە داتای مەزنی گوگل وێنەی کەسەکە دەدۆزێتەوە و رادەگەیەنێ کە «پێدەچێ فلانە کەس لەپشت دەرگا بێ» هەرچەندە کۆمپانیای گوگل بەم کارەی کۆمپانیای بەرهەمهێنی کامێراکە نیگەرانە و دەڵێت داتای وێنەکانی بە مەبەستی دیکە بڵاودەبنەوە، بەڵام بۆ بەکارهێنەر ئەوە گرنگە کە بزانێت کێ لە پشت دەرگاوەیە..

## ـــوێنەرانی کتێب




زۆرەوە هەیە. بە ئاسانی دەتوانێ سەدان ناونیشانی کتێبی چەند لاپەڕەیی بە پرۆگرامەکەوە زیاد بکەی و لەکاتی پێویستدا وەك کتێبی کاغەز هەڵیبدەیەوە و بیخوێنیەوە. گەڕان لەناو کتێبەکاندا گرنگترین بەشی و سەرەکیترین بەشی پرۆگرامەکەیە. پرۆگرامەکە توانای خوێندنەوەی کتێبی بەشێوەی دەنگیش هەیە و دەکرێ کۆمێنتیش بە کتێبەکانەوە ساد بکەی...




## هاردێکی ١٤ ترابایتی بەرهەم هات

ئەگەر تەنانەت بۆ دە ساڵ بگەڕێینەوە، باسی ئەوەت کردبا کە هاردی یەك ترابایتی بەرهەم هاتووە کەس بڕوای نەدەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە وەك هەواڵەکانی تەکنەلۆژیای نوێ رایانگەیاند کۆمپانیای وێسترن دیجیتال هاردێکی بەرهەم هێناوە کە بە هاردی ultrastar Hs14 ناسراوە و توانای داکردنی ١٤ ترابایتی هەیە. پێشووتریش کۆمپانیای ناوبراو هاردی ١٢ ترابایتی بەرهەم هێنابوو بەڵام ئەمساڵ ٢ ترابایتی دیکەشی پێوە زیاد کرد. هاردەکە بۆ بەکارهێنەرانی تاکەکەسی بەرهەم نەهاتووە بەڵکو هی کۆمپانیا و نووسینگە و زانکۆ و شوێنە زانستییەکانە.. سیستەمی کارکردنی هاردەکە گازی هلیۆم لەبەری هەوا خراوەتە ناو چوارچێوەوە و بۆیە پەڕەکانی هارد بە لێکخشاندنێکی کەمتر بە دەوری یەکدا دەسووڕێن، هەربۆیە توانای داکردن لە هاردەکەدا دوو جار خێراترە لە هاردەکانی پێشوو. گواستنەوەی داتاکان لەو هاردەدا ٢٣٣ میگا لەچرکەیەکدایە، تەمەنی کارکردنی هاردی ناوبراو ٢,٥ کاتژمێرە..

## سایتێک ئاگادارت دەکاتەوە لە پرۆگرامە ڤایرۆسیەکان




لەناو ئێمەی کورددا پەندێك هەیە دەڵێت (ئەسپی دیاری ددانی ناژمێرن) واتە ئەوەی پێشکەشیان کردی وەریبگرە، گوێ بە باشی و خراپی مەدە. بەڵام لە ئینتەرنێتدا وا نییە، ئەو سایتانەی کە پرۆگرام بەخۆڕایی دەبەخشنەوە، مەرج نییە پرۆگرامەکانیان بێ کێشە بێ رەنگە بە دابەزاندنیان کۆمپیوتەرەکەت تێك بچێ. بۆ ئەوەی تووشی کێشەی پرۆگرامی ڤایرۆسی ئینتەرنێت نەبی، سەرەتا بەرلە دابەزین کلیك راست لەسەر پرۆگرامەکە بکە و کۆپی ئەدرەسی دابەزاندنەکە بکە و لینکی کۆپی کراو لە سایتی virustotal.com دا دابنێ، سایتەکە بە ٦٠ ئەنتی ڤایرۆس پرۆگرامەکە دەپشکنێ و هەوڵدەدا ڤایرۆسەکانی لابەرێ ئەگەر تێیدابێ و پاشان دەتوانی دایبەزێنی.